سەنتەر Senter

No.(8) Spt. 2007

ژمارە(٨)ئەیلولی ٢٠٠٧

بلاوكراوەیەكە سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان دەریدەكات


## ئۆفیسی بازیان ئاهەنگی ساڵیادی دامەزراندنی دەگێڕێت

بە بۆنەی تێپەبوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنیدا و لەگەڵ بەرزگرتنی رۆژی جیهانی لاواندا ئۆفیسی بازیانی سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان بە چەند چالاكییەك ئەو یادانە دەكاتەوە ، سەرەتا لە قوتابخانەی ( راستگۆ) و لە لایەن بڕێز مامۆستا ( غەفور بابەكر) بەرێوەبەری قوتابخانەكەوە دوو پێشانگای تایبەتی كردەوە كە یەكێكیان پێشانگایەكی فۆتۆگرافی تایبەت بوو بە كارو چالاكییەكانی ئەو ئۆفیسە لە ماوەی یەك ساڵ لە تەمەنی پڕ لە كارو خزمەت بەلاوان و و پێشانگای دووەمیش تایبەت بوو بە منداڵانی بەشداربووی كۆرسی هاوینەی ئۆفیس كە پرۆژەی لاوانی دوا رۆژی سەنتەری گەشە پێدان سەرپەرشتی دەكات و تێیدا چەندین وێنە نمایشكران كەلە لایەن مناڵە بەشداربوەكانە نەخشێنرابوون وهونەرێكی منلاڵەی تایبەت بە خۆیان لە رێگەی پەنجۆڵەكانیانەوە بە رەنگەكان دەرخستبوو ، دواتر هەر لە هۆڵی هەمان قوتابخانە ئاهەنگێكی خنجیلانە بە ئامادە بوونی نوێنەرانی دەزگا حكومیەكانی بازیان و رێكخراوەكانی گەنجان و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەكانی ناوچەكە سازكرا ، سەرەتای ئاهەنگەكە بە وتەی بەخێر هاتن لەلایەن ( مەریوان ئیبراهیم) بەرێوەبەری ئۆفیسی بازیانەوە دەستپێكرد كە لە میانەی وتەكەیدا ئەلبومی چالاكییەكانی ساڵی رابردووی ئۆفیسەكەیانی هەڵدایەوە كە لە پێناو زیاتر خزمەتكردنی لاوانی ناوچەكە ئەنجامیان داوە ، دواتر لە وتەیەكدا (گۆران عەباس ) بەرپرسی راگەیاندنی ئۆفیسی گشتی سەرەرای پیرۆزبایی لە لاوانی ناوچەكە ئاماژەی بەوە كرد كە سەنتەری گەشە پێدانی چالاكی لاوان هەمیشە ویستویەتی جێگای خواست وئارەزوەكانی لاوان بێت و لە و پێناوەشدا هەمیشە دەگای سەرجەم ئۆفیسەكانی بەرووی لاواندا كراوە بووە بە بێ جیاوازی و كردنەوەی زیاتر لە ( ١٦ ) ئۆفیس لە كەمتر لە شەش ساڵی تەمەنیدا ئەوە دەسەلمێنێت كە جێگای ئومێدو داواكاریەكانی لاوانە و لانەی چالاكی و خواستەكانیانە ، ئەمەو ئاهەنگەكە بە خوێندنەوەی چەند پارچە شیعرێك و پێشكەشكردنی گۆرانیەك لە لایەن لاوانی بازیانەوە كۆتایی پێهات .

ئا : راگەیاندنی ئۆفیسی بازیانی YADC



## ئۆفیسەكانی YADC

به خوێندنەوەیەكی خێرای مێژووی كورت و پر خزمەتی سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاواندا گوزەرێك بكەین دەبینین لە كەمتر لە شەش ساڵی تەمەن توانیویەتی ببێتە خاوەنی ( ١٦) ئۆفیس لە سەرتاسەری شارەكانی كوردستان و باكوری عیراقیش ، كردنەوەی ئۆفیس بۆ هەر رێكخراو سەنتەرێك لە كاتێكدا كەتوانایەكی مادی سنورداری هەبێت و تەنها پشتی بە خۆی بەستبێت و لە سەر فەلسەفەی لەسەر پێی خۆوەستان كاربكات كارێكی زۆر ئەستەم و نارەحەتە ئەگەر هۆكارێكی گرنگترو توانایەكی مەعنەوی بۆ كاركردن لە پشت ئەم مەبەستەوە نەبێت ، هەر بەو پێیەش كردنەوەی ئۆفیس و بنكەو بارەگاش مانای ئەوە ناگەیەنێت تەنها كردنەوەی چەند بارەگایەك و بەكرێ گرتنی چەند خانویەك و هەڵواسینی چەن لافیتەیەك و دروستكردنی ئەزمەیەكی تری سەكەنی بێت ، كە وەك زۆربەی جارەكان ئەو بارەگاو ئۆفیسانە تەنها ئەو قورساییەیان بۆ سەرشانی گەنجان و لاوان دروستكردوە لە بری سوككردنی باری قورسی سەرشانیان ، ئەمەوێت بلێم كردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە لەم ساڵە كەمەو بەم داهات و ئیمكانیاتە كەمە نیشانەی چالاكی ئەم سەنتەرەیە كە توانیویەتی ببێتە جیگای ئومێدی لاوان و لە هەموو لایەكەوە دەیانەوێت شارو شارۆچكەكانیان بێبەش نەبن لە خزمەت و كارو چلاكیی و كۆرسە جۆربەجۆرەكانی YADC بۆیە هەمیشە داوای ئەوەیان كردوە كە ئۆفیسێك بۆ ئەوانیش بكرێتەوە ، بۆیە ئەبێت ئەوەمان لە بیر بێت كە ئۆفیسەكان لەسەر داواو خواستی لاوان كراونەتەوەو هەركاتێك نەیانتوانی وەك پێویست ببنە جیگای هیواو خواست و لانەیەك بۆ حەوانەوەی لاوان و مەڵبەندێك بۆ پەرەپێدانی چالاكیەكانیان ئەو كاتە هەر بۆ خۆیان و وەك چۆن سەرەتا داواكاری یەكەمی كردنەوەی ئۆفیسەكان بوون بە دڵنیاییەوە بە سەرنەدانیان و بەشداری نەكردنیان لە چالاكییەكانیاندا هۆكارێكی باش دەبن بۆ ئەوەی كە بیسەلمێنن كەئۆفیسەكان وادەی كاركردن و جۆری كاركردنیان بەسەر چووەو پێویستە بۆ خۆیان هەنگاو بۆ خۆ نوێكردنەوە بنێن یاخود وەك تەواوی ئەو بارەگاو ئۆفیسانەی كە پوكانەوە ئەوانیش دەپوكێنەوە ، پێویستە ئۆفیسەكانی YADC هەمیشە لە هەوڵی خۆ نوێكردنەوەدا بن .

## بەرنامەی ( هەتوان ) ی ئۆفیسی ڕانیە لە ڕادیۆی لاوان

لە كۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری رانیە رادیۆی لاوانی رانیە دامەزراوە وەك پرۆژەی وەزارەتی وەرزش ولاوان ، سەبارەت بە ئامادەكردن و پێشكەشكردنی بەرنامە لەلە لایەن سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان ئۆفیسی رانیە وە بلاو كردنەوەی لە رادیۆی لاواندا لەسەرەتایساڵی ٢٠٠٧ بەرنامەیەكی هەفتانە بە ناوی هەتوان لە رادیۆی لاوان پیشكەش دەكرێت و تاكو ئێستاش بەردەوامە و هەموو ئێوارانی شەممە پێشكەش دەكرێ لەلایەن هەردوو پێشكەشكاران (ڤیان محمود و ئەڤین ئاسۆ)، سەبارەت بەبیرۆكەی ئەم بەرنامەیەبەڕێوەبەریئۆفیسی رانیەی سەنتەر ووتی:سەرەتابیرۆكەی ئەم بەرنامەیە لەوەوە سەرچاوەی گرت كە رادێۆیەكی سەربەخۆ لە شاری رانیە دمەزرا و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوكاری سەرجەم ریكخرا و وسەنتەرەكان بە رەخساندنی دەرفەت بۆ پەخشكردنی بەرنامەكانیان، بۆ خزمەت كردن بە لاوانی دەڤەرەكە و گەیاندنی پەیامی سەنتەرەكەمان بە سەرجەم بیسەرای رادیۆكە بڕیاری بەشداریمان دا لەو رادیۆیە و هەر لە سەرەتاوە وەك یەكەم سەنتەر بەرنامەیەكی هەفتانەمانەمان پێشكەش كرد بەناوی (هەتوان ).سەبارەت بەناوەرۆكیش بەڕپزیان ووتی : بەرنامەكە چەندین بڕگەو بابەتی جیاواز لە خۆی دەگرێت واتە هەمەرەنگە و زیاتر گرنگی بە گەنجا ن و كێشەكانیان و بەهرە و خولیاكانیان دەدات لەوانە بابەتی رێكخراوەیی وهۆشیاری لە سەرجەم بوارەكان و راهێنانی لاوان لە سەر و بوێری و ئازایەتی و جگە لە چەند بابەتێك بەشێوەی زنجیرە پێشكەشدەكران لە وانە تایبەتمەندیەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەروەها لە سێ بەرنامەی راستەوخۆ دا گفتوگۆ كراوە سەبارەت بە پرۆژەی سەنتەر بۆ پرسی لاوان ( كەتایبەتە بە گرفت و كێشەكانی لاوان و تێروانینی سەنتەر بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە)تا ئێستا ٢٥ئەڵقەی لێ پپكەش كراوە ،سەبارەت بە لایەنی تەكنیكی (تحسین عثمان) بەرپرسی .ستودیۆی سەنتەر بەم شێوەیە بۆمان دوا : من بەشداری یەكەم خولی تیۆری و تەكنیكی رادیۆی لاوانی رانیەم كردووەبۆ فێربوونی جێ بەجێ كردن (مۆنتێری )بۆ ماوەی دو هەفتە وە دواتر بوومە جێبەجێكاری بەرنامەی هەتوان .



ئا: راگەیاندنی ئۆفیسی ڕانیە